# هێڵی ئاسنین

### کارە کتەرەکان

**تەلار**: کچێکی تەمەن 19 ساڵان

**مەحموود**: کۆنە قاچاخچی

**شیلان**: پەرستاری خەستەخانە (سیستەر)

**هۆشمەند**: باوکی تەلار

**ئاڵتوون**: دایکی تەلار

**ژیلوان**: کوڕێکی تەمەن 10 ساڵان، برای تەلار

**هوشیار**: مامی تەلار

**کامەران**: ئامۆزای تەلار

**بێستوون**: قاچاخچی

### دیمەنی یەکەم

ژووری ژمارە **35**

(ژوورێکی ڕووناک لە خەستەخانەیەکدا: پەنجەرەیەکی گەورە. تەلەفیزۆنێکی هەڵواسراو. کورسیەک کە پانتۆڵێک و کراسێکی لەسەرە و جووتێ پێڵاوی لە ژێرا دانراون.
قەرەوێڵەیەک بە سەرچەفی سپی داپۆشراوە. مەحموود لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشاوە و چاوی بڕیوەتە تەلەفیزۆنە کوژاوەکە.)

**مەحموود**: ئێستا خەریکە ئەو ئەمومژە دەکەوێت کە ساڵانێک شتەکانی لێ دەشاردمەوە.. یەک بە یەک شتەکان دەرئەکەون و لە یەک جیائەبنەوە.. وردەوردە ڕەنگەکانیان دەبینم و سنوورەکانیان هەستپێدەکەم.. ناخم و دەرەوە بوون بە یەک.. ئەوکات بەهیچ شێوەیەک یەک نەبوون.. کە ناخم پاکبۆوە دەرەوەشم لێ ڕوونبۆوە.. داهاتو.. ڕابردو.. ئێستا.. هاوڕێیەتی.. ئافرەت.. خۆشەویستی.. هونەر.. هەوڵدان.. فێربوون.. ئەزانم کە هەموو ئەم شتانە بەهای خۆیان هەیە.. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە من یەکەم جارە دانی پێدائێم.
ئێتروش گەورەترین مەلی دنیایە.. لە گەورەییدا تەنانەت ناتوانێ بفڕێت.. هەموو جار کە هەست بە مەترسی دەکات سەری ئەکات بەژێر لمەوە.. وائەزانێ بەو شێوەیە خۆی ئەشارێتەوە.. نازانێ کە هەموو لەشی بەدەرەوەیە.. تەنها شتەکان لە خۆی دەشارێتەوە..

منیش بەو شێوەیە سەرم ئەخستە ناو سنگی خۆمەوە.. ناو خەمو کێشەو خولیاو ئاواتە بەدینەهاتوەکانمەوە.. بۆ ئەوەی خۆم لە شتێک بشارمەوە کە هەستم دەکرد تەنها دوور لە ڕوانینی ئەو ئەتوانم گەشە بکەم.. چوونکە من ناتوانم.. وە ناشمەوێت بگەڕێمەوە دواوە.. هێشتا زووە.. سەرەتا هەر بیریشم لێ نەدەکردەوە.. بە خۆمم دەگوت:
بیرکردنەوەو بەئەنجامگەیاندن یەک شتە.. ئەگەر بیر لە شتێک ناکەمەوە ئەوەیە کە نامەوێت بە ئەنجامی بگەیەنم.. کە بیریشم لەشتێک کردەوە دەمبینی خەریکە دەستدەکەم بە ئەنجامدانی..

زەوی خڕە.. گەردوون بازنەییە.. ئەمە ڕاستیەکی هێندە سادەیە کە تەنانەت لە منالْیەوە هەموان ئەیزانن.. کەواتە بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە سەر شتێک کە بەبێ ئەو ڕۆشتن مەحاڵە.. دەکرێ بە چوونە پێشەوە پێی بگەیت.. من دەمویست بەرەوپیری بڕۆم لەجێی ئەوەی بگەڕێمەوە لای..
هەرچۆنێک بێت.. لای من ئەمە باشترین ڕێگا بوو بۆ گەڕانەوە.. بەڵام پێشکەوتن سەختە.. بەرەوپێشچوون ترسناکە.. ئازایەتی.. شێتیو زرنگیەکی زۆری پێویستە.. تا وون نەبیت.. تا لەو کاتانەدا کە گومان چەواشەت دەکات.. یاخود ڕێگا لاوەکیەکان دورت دەخەنەوە ئاسۆی خۆت وون نەکەیت..
سەرباری هەموو ئەمانە.. سەرەڕای هەموو ئەرکێک.. ماندوبونێک.. چەند خۆشە گەیشتن.. چۆن لەشمان سووک دەبێت.. بار لەسەر شانمان لائەچێت..
کۆڵەکەت دانێو بڕۆ ڕێگا ڕاستەقینەکەی داهاتوو بگرە بەر.. ئەو ڕێگایەی بەرەو نەناسراوت دەبات.. تەنها ئەو ڕێگایە ڕاستەقینەیە کە بەرەو نەناسراوم دەبات.. یاخود ناسراوەکانم بە سێوەیەکی تازە پێ دەناسێنێتەوە..

جیهانێک هەیە کە تێی ناگەیت.. تۆ گەردێکی بچووکی تێیدا.. بەشدارنیت لە بڕیارەکانیدا.. یەکێک نیت لەو بزوێنەرانەی جووڵەی پێدەبەخشن.. جیهانێکیتر بە پێچەوانەوە..
بەشداریت لە دروستکردنیدا.. لە بزاوتنیدا.. لە بەرهەمهێنانی وێنەکانیدا.. من لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا وێڵو سەرسام وەستابووم.. دەرگاکان زۆر بەڵام تەنها دوانیان ڕاستەقینە.. ئەوانیتر لە پشتیانەوە دیوار.. یەکێکیان ڕابردوو.. ڕابردویەک کە دەمویست لێی هەڵبێم.. لێی هەڵهاتبووم.. بەردەوام لێی هەڵدەهاتم.. بێدەسەڵات بووم.. بچووک بووم.. چەکدار نەبووم بەرامبەری.. ئەویتر دەبو بە تەنیایی پێیدا دەربازبیت.. بە تاریکی ڕێبکەیت.. بەرەو نادیار.. بەرەو داهاتوو.. بەڵام دەمزانی گەر بەردەوامبم دەمگەیێنێتە ئەوێ.. ئەوێیەک کە هێشتا نەبوبوە ئێرە.. داهاتوو هەرگیز نەدەبوە ئێستا.. چش؟ لەم چرکەساتەدا دڵنیام کە لە ئێستادام.. بە زمانی هەندێک.. هەنووکە لە داهاتومدام.

(مەحموود لە جێی خۆیەوە هەڵدەستێت. دەبینین کە بە شێوەیەکی ناسروشتی گەورەیە. لە ڕادەبەدەر ئاوساوە. دەڵێی چووپێکی فووتێکراوە، باڵۆنێکە لە شێوەی مرۆڤدا، لەو باڵۆنانەی کە بۆ ڕێکلامی کارخانە گەورەکان بەکاردەهێنرێن، لە دووری چەندەها کیلۆمەترەوە دەبینرێن کە بەسەر شاردا دەفڕن. دەچێتە لای پەنجەرەکە. کەمێک لە بەردەمیدا دەوەستێت. بە پەنجەی لەسەر ئەو هەڵمەی کە پەنجەرەکەی تەواو داپۆشیوە دەنووسێت: "ڕابردوو... ئێستا...داهاتوو". دواتر دەنووسێت: "ئێرە... ئەوێ". دەچێتە لای کورسیەکە. پانتۆڵەکەی هەڵدەگرێتو دەیگرێت بە خۆیدا. هەستئەکەین پارتۆڵی منداڵە هێند بچووکە بۆی. دەیەوێت پێڵاوەکەی لەپێ بکات. تەرائەت پەنجەکانی پێیشی ناچنە ناوی. دێتەوە لای سیسەمەکە. ڕادەکشێت. کۆنترۆڵی تەلەفیزۆنەکە دەگرێت بە دەستەوە. گۆرانیەکی دەخاتەسەر (هاردڕۆک. پۆپ. گۆرانی کوردی. ڕۆڵینگ ستۆنس یاخود شڤان پەرڤەر) ئەوپەڕی دەنگی دەداتێ. دەنگی مۆسیقاکە ەێندە بەرزە هەموو ژوورەکە دەلەرێتەوە. پەنجەرەکە بە توندی دەکرێتەوە. ڕەشەبایەکی زۆر دێتە ژورەوە. سەرچەفەکان هەڵدەبەزنەوە. مەحموود وەک میزەڵانی غاز لە جێی خۆیەوە نیو مەتر بە ئاسۆیی بەرزدەبیتەوە.)

(یەکێک پاڵ بە دەرگاکەوە دەنێت. بەزۆر کەمێک دەیکاتەوە. شیلان کچێکی گەنجە بەدلەیەکی سسپی لەبەردایە. دێتەناوەوە. دەرگاکە بە توندی لەدوایەوە دادەخرێت. شیلان بەسەر مەحمودا هاواردەکات.. گوێمان لێ نیە. دواجار کۆنترۆڵەکەی لێدەفڕێنێتو مۆسیقاکە دەکوژێنێتەوە. دەچێت پەنجەرەکە دادەخات.)

**شیلان**: ئەگەر ئەتەوێ گوێت لە مۆسیقابێت بۆت هەیە.. بەڵام بە کزی... ئێرە نەخۆشخانەیە.. بەتەنیا تۆنیت لێرە.. خەڵک پێویستی بە پشووە.. بە هێمنیە.. مرۆڤ نابێت ئەوەندە خۆپەرست بێت.. تکایە ئەمە دواجارت بێت.. ئەگینا تاکە چارەم ئەوەیە کۆنترۆڵەکە لەگەڵ خۆما ببەم.. ناکرێ هەموو جار نەخۆشەکانم جێبێڵم.. بە ڕاکردن حەوت قاوش ببڕم تا بگەمە ئێرە..

**مەحموود**: تینوومە.. تینوو!

**شیلان**: دان بەخۆتا بگرە... تۆ چاک ئەزانی کە ئاو خراپە بۆت.. پێی دەئاوسێیت.. چونکە دوێنێ شەو بەدەم خەوەوە ئاوت خواردۆتەوە.. ئەها چیت لێهاتوە!

**مەحموود**: خەریکە لە تینوانا ئەخنکێم..

**شیلان**: ئەگەر ئاو بخۆیتەوە بە ڕاستی ئەخنکێیت.. ئەو ئاوە هەڵواسراوە بە ڕێژەی پێویست ئەڕوا بۆ لەشت.. تەنها ڕاهاتنە وات لێدەکات هەست بە تینوێتی بکەیت.. ئەگینا

لەشت تینوو نیە.. (شیلان لێدانی دڵی مەحموود دەگرێت و دەستدەکات بەگۆڕینی ئاوە هەڵواسراوەکە)

**مەحموود**: (لاسایی ووتەبێژەکان دەکاتەوە) پێشمەرگە چقڵی چاوی دوژمنانە.. پێشمەرگە زەوی ڕاخەریەتی و ئاسمان ئەدا بە خۆیدا.. ئەوکاتە لە مەقەڕ یەکێک لە یاریەکانمان ئەزانی چی بوو؟

**شیلان**: نازانم.. چی بوو؟

**مەحموود**: دە تۆ هەر لە خۆتەوە شتێ بڵێ!

**شیلان**: نازانم.. بڵێم چی؟ دۆمینە؟. تاوڵە؟. قومار؟. زارزارێن؟. ڕەسم ڕەسمێنە؟.

**مەحموود**: نا کە لەو یاریانە بێزار ئەبووین؟

**شیلان**: چوزانم.. چاوشارکێ؟. پەتپەتێن؟. خەتخەتێن؟. بڵێم چی.. نەڵێی ماڵە باجێنەتان ئەکرد؟.

**مەحموود**: ها ها ها.. ئای لەم نەوە تازەیە.. هەر ناشزانن پێشمەرگە چیە.. خۆزگەم بە خۆتان.. یەکێک لە یاریەکانمان لە مەقەڕ ئەوە بوو فیشەکمان بە ناوگەڵی یەکتریەوە ئەنا بزانین کێ دەستی ڕاستە.. شەڕواڵەکانمان هەموو کونکون بوون.. ها ها ها.. ئەو هەر هەڵئەبەزیەوەو منیش هەر فیشەکم پێوە ئەنا.. چ دڕندەیەک بووم ئەو کاتە.. خۆشیش بوو.. ئەمڕۆ کە ئەچمە ناو پارک و کافێتێریاکان و ئەم خەڵکە ئەبینم سەیرم لێدێ.. ئەڵێم ئەمانە وەک بڵێی نە بایان دیوە و نە بۆران..چ هێمنیەک!. مرۆڤ بێزار ئەبێ..حەز ئەکەی شتێک ڕوودات.. بقڵیشێتەوە.. شتێک بتەقێتەوە تۆزێ ڕاکەیت.. ئەم گۆمە مەنگە بشڵەقێ..

**شیلان**: ئەگەر ئەوەت ئەوێ بۆ نەچووی بۆ بەغدا.. ئەم تۆزە ئاسایشەی هەمانە بەڕەوامان نابینیت.. شەڕ لە بەتاڵی باشترە ها؟.

**مەحموود**: جاران شتێک یا کەسێکت بەدڵ نەبوایە زرمەت لێهەڵئەستاند لەناوت ئەبرد.. ئێستا ئەبێ دانیشیت ڕەخنەی لێبگریت.. چاوەڕێی وەڵامەکەی بکەیت.. بزانی چۆن وەریئەگرێ.. ئەمەوێ حیزبێکی تازە دامەزرێنم.. حیزبی ڕیشۆڵە و پووش.. ئامانجەکانی یەکەم: هێنانەوەی ڕیشۆڵەکان بۆ باخی گشتی شار.. دووەم: بڵاوکردنەوەی پووش بە پاڵاس و تەلار و پەرلەمان وهەموو شوێنە گرنگەکاندا. خۆشم نازانم چی ئەڵێم. ئاخر ئەمە یەکەم جارە لە ژیانما ئەوەندە کاتی بەتاڵم هەبێت. ئەوەندە بێئیشبم. ئەم ماوەیەی لێرەم هەزار جار ژیانی خۆمم وەک شریت هێنایەوە پێش چاوم. هەموویم لەبەرکرد.. هیچ شتێکی گرنگم تیا نەدۆزیەوە. شت نەماوە بیری لێنەکەمەوە.. جاری وا هەیە تەنانەت بیر

له بۆقیش ئەکەمەوە.. له حەفتاکانا تازە تەلەفیزۆن هاتبوە دێکەمان.. کابرایەکی پیر هەبوو ڕقی له تەلەفیزۆن بوو.. وەک هەموو پیرێک کە ڕقی لە داهێنانی تازەیە چونکە دەسەڵاتی بەسەریا ناشکێتەوە.. ئەم کابرایە دەیگوت "دە لاییەن تەلەفزوێن کەی شتە.. ئەو بۆق پیشان ئەدا.. ئاخر بۆق شتە پیشانی بەیت..ئەگەر شتێکی ئەوەندە موهیم بوایە بۆقی پیشان نەئەدا" منیش لە بێ ئیشیدا هەندێ جار نەک بۆق تەنانەت بیر لە گووش ئەکەمەوە..
(شیلان بە کزی مۆسیقاکە دەکاتەوەو دەڕوات)

## دیمەنی دووەم

ژووری ژمارە **34** لە هەمان خەستەخانە

(تەلار هۆشمەند لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشاوە. دەستی و بازوی و باڵی و شانی چەپی لەگەڵ لای چەپی ڕوومەتی سووتاون. بەدەستی ڕاستی خەریکی نووسینی نامەیەکە)

**تەلار**: من چاوەڕێ نیم سەردانم بکەیت..گوڵم بۆ بێنیت.. بەس جورئەتی ئەوەت هەبێت تەنها یەکجار ڕوبەڕوی ڕاستیەکان ببیتەوە.. من نامرم.. زۆر پەشیمانیشم لەم کمرێتیەی کە کردم.. چوونکە تۆ ئەوە ناهێنیت کە من خۆم بسسووتێنم لە پێناویدا.. نەک هەر تۆ تەنانەت هیچ پیاوێک.. هیچ کۆمەڵگایەک ئەوە ناهێنێت کە من ژیانی خۆم بسووتێنم لە پێناویدا.. تەنانەت ئەم وولاتەش ئەوە ناهێنێت.. دایکوباوکم هەر نەهاتوون بە لامدا.. تەنها ژیلوانی برا بچووکم نەبێت ئەویش بە دزییەوە.. ماڵەوە کە دراوسێکان لێیان پرسیون بەچی سووتاوم؟ ووتویانە کە پەرەمێزم بەسەردا تەقیوەتەوە.. سەیری ئەو نوکتەیە.. هەموو کەس دەزانێ کە تا ئێستا لە ماڵی ئێمەدا نەک هەر من تەنانەت دایکیشم نازانێت نان درووستکات هەر ناشزانێت پەرەمێز چۆن ئیش ئەکات.. بەڵام ئەوان هەر لە ئابڕووی خۆیان ئەترسن.. لێرە ئابڕوو لە ژیان لە دواڕۆژ لە مناڵ لە خۆشەویستی تەنانەت لە نیشتیمانیش گرنگترە.. ئابڕووش ئەبێ تەنها ئێمەی ژن بەرپرسیاربین لێی.. خۆ ئەوە هەرگیز کارو کێشەی پیاو نیە.. ئەوەتا تۆ هیچ هەست بە ئابڕوچوون ناکەیت کە بەم شێوەیە من بەجێدێڵی..

(تەلار کاغەزەکە لە دەفتەرەکە لێدەکاتەوەو تۆپەڵی دەکات و فڕێیدەداتە ناو ئەو کاغەزانەیتر کە بە تۆپەڵکراوی لە دەوری قەرەوێڵەکە فڕێدراون. دەنگی مۆسیقایەکی بەهێز لە ژوورەکەی ترەوە دێت)
پیاو.. پیاو.. پیاو.. لە هەموو شوێنێک ئەبێ خۆی بنوێنێ پیاو.. ئەبێ ئازادی خۆی هەڵواسێ.. هاوارکا.. بفرۆشێ.. ڕاستیش ئەکات.. ئەمە وولاتی ئەوە.. ئەو لە هەموو شوێنێکی ئەم وولاتەدا ئازادە.. ئازادیش نەبێ ئەتوانێ خۆی پیشانبات.. ئەی من لە کوێ ئازادم؟.. لە لە مووبەقا.. لە ئاودەستا.. ئافرەت تەنانەت بۆ نوێژکردنیش دەبێ پیاو کاتو شوێنی بۆ دیاری بکات..

**شیلان**: (دێته ژوورەوه) خانم!. كاتی ئەوه هاتووه ئەم ژووره چۆڵكەیت.

**تەلار**: بۆكوێ بڕۆم؟.

**شیلان**: لەسەرەتاوه دەزانی كه مانەوەت لێره كاتیه.. ئەم نهۆمه هی پیاوانه..تۆمان هێنایه ئێره چوونكه ئێره چۆڵ بوو..هەروەها قاوشی سووتان پڕبوو.. ئێره شوێنی نەخۆشیه درێژخایەنەكانه.. چارەكێكی تر دێمەوه به شوێنتا.. خۆت ئامادەكه!. (مناڵێک دێته ژوورەوه. شیلان دەچێته دەرەوه. تەلار دەستی مناڵەكه دەگرێت و لەسەر قەرەوێڵەكه دایدەنیشێنێت)

**تەلار**: قسەم بۆ بكه دەی!.

**ژیلوان**: باوكم و مامم و خاڵه فاضل و مامه كامەران هاتن بۆ ماڵەوه.. كه له ژووری میوانەكه دانیشتن دایكم منی برده مووبەق.. ویستم بچمەوه ژووری مامه كامەران ەاواریكرد مناڵ بۆ دەرەوه!. منیش چوومه سەربان.. لەوێوه به بۆری تەنكیەكەدا هاتمەوه خوارەوه بۆ لای پەنجەرەكه.. هەرئەمویست بزانم بۆچی كۆبونەتەوەو بۆچی نایانەوێت من ببیستم چی ئەڵێن.. ئەو ڕۆژەشی كه له سەربان تۆ خۆت سووتاند دەرگای هەورەبانەكه داخرابوو من به تەنكیەكەدا سەركەوتم بۆیه پێت نەزانیم.. كه مامه كامەران ووتی مناڵ بۆ دەرەوه یەكسەر بیرم له فێڵەكەی خۆم كردەوه..

**تەلار**: باشه دەی.. دوایی؟

**ژیلوان**: گوێم له هەموو شتێک بوو.. باوكم گریا..

**تەلار**: باوكم گریا؟ بۆچی؟

**ژیلوان**: مامم هەر پێی ئەوت "ئەبێ بڕیار بەیت" ئەویش هیچی نەئەوت.. ئەویش هەر دووبارەی ئەكردەوه "بڕیار بده!" ئەویش هەر قسەی نەدەكرد.. خاڵه فاضلیشم به درێژایی كۆبونەوەكه بێدەنگ مایەوه.. مامه كامەران به پێوه بوو.. جارجار چكلێتێكی ئەخوارد.. مامه كامەران ووتی "ئێ وازی لێ بهێنن بۆ دوای جەژن.. پەلەمان چیه؟" مامم ووتی "ها هۆشمەند.. چیبوو.. ئاخر پیاو لەو كاتانەدا بیرئەكاتەوه؟ ئاخر ئەگەر تۆ خۆت به پیاو ئەزانی.. به وەڵڵا من بوومایه ئێستا حەوت ساڵ بوو دایكەكەشیم پێوه تۆپاندبوو.. ئینجا باش گوێگره با من پێت بڵێم.. ئەمه تەنها كێشەی تۆ نیه.. بگره كێشەی هەموو تایفەكەیه..تۆش بەشێكیت لەم تایفەیه نه زیاد نه كەم.. من نەهاتووم لێره پرست پێكەم..هاتووم ئاگادارتكەمەوه.. ئاخر كوا شتی وا هەبووه له ناو ئێمەدا.. وەڵڵا كچمان تا مردن بەردرگاشی نەبینیوه.. دوو جار كچ له ماڵمان چۆته دەرێ.. كاتێک گوێزراوەتەوه.. كاتێكیش بردوومانه بنێژین كه مردووه.. ئەم بەڵایه چی بوو هاته ناومانەوه.. ئەمه

هەمووی لەژێر سەری ئەو ژنە قەحبەیەتایە.. ئەو منالّە نەبوایە ئەویشم لەگەڵا ئەسووتان.. بە هەرحاڵ ئەبێ پێش ئەوەی بێتە دەرێ شتەکە بەئەنجام بگەیەنین." مامە کامەران ووتی "هێشتا زۆری ماوە چاکبێتەوە. بەم زووانە دەری ناکەن." ئیتر مامم ووتی "بە کورتی ئەمە نەخشەکەیە.. هەر ئەو ڕۆژەی کە بڕیارە بێتە دەرەوە کامەران بە تەکسیەکەی ئەچێ بە شوێنیا بە بیانووی ئەوەی بیهێنێتەوە ماڵەوە.. ئێمەش لە شوێنی خۆیا چاوەڕێیان ئەکەین.. هەر شوێن زۆرە، گۆیژە، شەستیەکە." باوکم فرمێسک بە چاویا دەهاتنە خوارێ، هەر نەئەوەستانەوە.. خاڵە فاضلیشم چاوی سووربوون.. مامم بە باوکمی ووت "چیبکەین برا.. نەگبەتیەو خوا ناردویەتی.. دەسەڵات چییە؟"

**تەلار**: ئەی باوکم؟. بلوکم هیچی نەووت؟.

**ژیلوان**: نا.. باوکم هیچی نەگوت.. خاڵیشم چاوەکانی سووربوبون.
(شیلان دێتە ژوورێ)

## دیمەنی سێیەم

(باخچەی خەستەخانە. مەحموود لەسەر کورسیەکی درێژکۆلە دانیشتووە. تەلار بە ئاوە هەڵواسراوەکەیەوە بەرەو لای دێت. لەلایەوە دادەنیشێت)

**تەلار**: (دوای کەمێک) کاک مەحموود چۆنی؟ تۆ من ناناسیت بەڵام من تۆ دەناسم. ماوەیەکە دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم. نەمویسرت بێمە ژوورەکەت. پێویستم بە یارمەتی تۆیە.. دەمەوێ بڕۆم لێرە، بیستم تۆ نەفەر دەبەیت، دەمەوێ لێرە دەرمکەیت.

**مەحموود**: کێ پێی ووتی؟ شیلانی سستەر؟. هیچ نهێنیەکی خۆت لای ئافرەتێک نەڵێی باشە. (پاش کەمێک) ئەو کاتە قاچاخچی بووم ئێستا وازم هێناوە. هاتوومەتەوە کارێک بۆ خۆم بدۆزمەوەو دانیشم. (پاش کەمێک) پاساپۆرتی ئەڵمانیم پێیە. کە تووشی ئەم نەخۆشیە پیسە بووم ترسام، ئیتر تۆبەم کرد. دکتۆرەکان دەڵێن کە چارەی نەخۆشیەکەم لەوێ دەکرێت بەڵام من ئەگەر چاریشم نەمێنێت بە هیچ شێوەیەک دەست ناکەمەوە بەو ئیشە. ئینزارم وەرگرت، وەک ئەڵێن. خۆی ئەم کارە وەکوو وەرزش وایە تا تەمەنێک دەتوانی بیکەیت. منیش گەیشتومەتە ئەو تەمەنە.. ئەبێ چەندەها کیلۆمەتر بە پێ بڕۆیت، بە ناو بەفرا، بە ڕەشەبا، بە باران، بە گەرمای چلەی هاوین، بە شەو بەناو قوڕو بەردو دارا، بە مەلە بەناو ئاوی سەوزی پڕلە جانەوەردا، یان بە ناو لێشاوی ڕوبلوێکدا تەنانەت هێستریش دەبات. وەک ئەوەیە بیست جۆر لە وەرزش لە هەمان کاتدا پەیڕەو بکەیت. ئینجا دڵنیا نیت ئایا ئەگەیت، ئایا چەند لە نەفەرەکانت دەگەن، چەندیان جێدەمێنن، چەندیان

دەمرن. ئینجا تەلەفۆنو تەلەفۆنکاری. پارەکانیان گەیشتووە نەگەیشتووە.. هەزارەها خوێریت لی ڕاستدەبێتەوە سەرانەیان دەوێت.. بە گوێزان و کەتەر و کێود و شمشیری ساموورای لە ناوەڕاستی هەزار تۆریستا لە سەر مەیدانێکی گەورەترین پایتەختی ووڵاتێکی شارستانی کێشەیان نیە لەسەر ووشەیەک، یا سەد دۆلار یەکتر لەتلەتکەن . من ئەم کارەم بۆ پارە نەدەکرد، خولیام بوو. کاریتۆم پێنەدەکرا. هەر لە منالێیەوە لەگەڵ باوکمدا لەسەر سنوورەکان ڕێبەری فێربووم. پیشەم بوو وەک چۆن دکتۆری، کرێکاری پێشەی هەندێ کەسە.. تەماشام بکە!. باوەڕ دەکەیت بەم لەشەی ئێستامەوە بتوانم بەردەوامبم لەو کارە؟ ئەی تۆ؟ بەم شێوەیە دەتوانی لەو ڕێگایە بدەیت؟ کچێکی سەقەت و تەنیا و گەنجی وەک تۆ؟

**تەلار**: چارەم نیە. گەر بڕۆم ڕاستە دڵنیانیم کە دەگەم.. بلام گەر بمێنمەوە دڵنیام کە ناژیم.

**مەحموود**: ئەی پارەت هەیە بۆ ئەم سەفەرە؟ کەسووکارت پارەیان هەیە؟ چوونکە لەوێش پێویستت بە پارەئەبێت بۆ چارەسەرت.

**تەلار**: پلانێک شک دەبەم. ئەو ڕۆژەی کە دەڕۆم پارەکە ئامادە دەبێت.

**مەحموود**: چوونکە پێم گوتی من خۆم هیچ کە خەڵک نابەم، بەڵام ئامادەم کەسێکت پێبناسێنم. بەڵام دەبێ دڵنیابێت کە پارەت هەیە. (پاش کەمێک) دەتوانم بپرسم بە چی واشێیهات؟

**تەلار**: بە خۆشویستی.. چیە، پێکەنینت دێ؟. ئێوەی پیاو هەزار ساڵە بە گۆرانی وشیعرو چیرۆک ئەڵێن کە خۆشەویستی سووتانمی، خۆشەویستی کردمی بە قەقنەس، دڵ ئەسووتێ وەک قاوە.. وا ناڵێن؟.. کەچی کە لە بەردەمتانا بە ڕاستی کەسێک دەبینن خۆشەویستی سووتانێیتی، هەموو ئەو شاعیریەت و خەیاڵاتە بەرزەفڕانەتان پووچەڵ ئەبنەوە.. دەرئەکەوێ کە هەموو ئەدەب و شیعرتان درۆیە.. بۆ جوانکردنی ژن نیە.. بۆجوانکردنی پیاو خۆیەتی.. کە پیاوێک بە خۆشەویستی دەسووتێ دەبێتە شاعیر، تەنانەت ئەگەر مەلاش بێت دەبێتە شاعیری عیرفانی. کە ژن بە خۆشەویستی دەسووتێ، بۆ پیاوان قەحبەیەک بوو سووتا.. هیچی تر..

مەحموود: دیارە زۆر داخلەدڵی دژی پیاوان.. من ئەڵێم مافی خۆتە.. هەرچەندە من تۆ ناناسم.. بەڵام وەک ئافرەتێک.. ئەزانی هەموو زۆرلێکراوانی دنیا لە هەموو ووڵاتان، بە هەموو چینوو کەمایەتیەکانەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان یاخی بوون یاخود، ڕاپەڕیون، شۆڕشیان کردووە لە دژی زۆردارەکانیان. لە مێژووی هەموویاندا خوێن ڕژاوە. تەنها ئافرەت نەبێت هەزارەها ساڵە هەموو شتێک قبووڵ دەکات بێ ئەوەی ناڕەزاییێکی ڕاستەقینە دەربڕێت.

سەیرە نا؟ من ناڵێم بچن چەک هەڵگرن دژی پیاو، هەرچەندە گەر من ئافرەت بوومایە سێودووم لێنەدەکرد.

**تەلار**: ئافرەت نەک تەنها مافەکانی خۆیان ناناسن بەڵکوو تەنانەت بەشی زۆریان داکۆکی لە مافەکانی پیاو دەکەن دژی خۆیان. پیاو نیوەیان بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر نیوەکەی تردا.نازیەکان کەمپەکانیان بە جوولەکەکان خۆیان بەڕێوەدەبرد. سەددام شەڕی پێشمەرگەی کوردی بە جاشی کورد دەکرد. پیاویش شەڕی ئافرەت بە ئافرەت خۆی دەکات. مەخابن، ئافرەت لە هەموو چین و کەمایەتیە ژێردەستەکاندا زۆرترین خۆفرۆشیان هەیە. ئاخر ئەوە خۆفرۆشتن نیە بە خانوێک و ناومالێک دەتوانی هەر ئافرەتێکت دەوێ بیکڕیت و تا مردن لەگەڵیا بخەویت. کەچی گەر ئافرەتێک بەبێ بەرامبەر لەگەڵ پیاوێکدا تەنها ماچێکیش بکات پێی دەڵێن لەشفرۆش. سەد دۆلار بۆ شەوێک لەگەڵیایت، خانوویەک بۆ هەتاهەتایە ئەبێتە ژنی تەنانەت گەر چوار ئافرەتی تریش موڵکی بن وەک تۆ. پیاو تا ئافرەت سەگی بەردەرگای بێت دەتوانێ تا دنیا دنیایە بێخەم فەرمانڕەوایی بکات. ئەسپێکی سەرکەشی ڕەها بە ئاسانی ڕام ناکرێت، ڕامیشی کەیت خراپ ڕەفتارت لەگەڵداکرد بواری بۆ ڕەخسا غاردەداتەوە بەرەو دەشت. بەڵام کام سەگەی زۆر هارە بە لەتێ گۆشت یا کلۆیەک شەکر دەبێتە موریدت. چیرۆکی منت چۆن بیستووە؟. ئەڵێم چیان پێ گوتوویت لەبارەی منەوە؟. بەچی وام لێهاتووە؟.

**مەحموود**: ... ئا.. لەگەڵ منتە؟ ببورە گوێم لێئەگرتی.. نازانم. بۆیە لە خۆتم پرسی. خۆ ئەگەر ئەتەوێ باسیکە. (پاش کەمێک) بڵێم چی؟ (پاش کەمێک) هەر ئەو شتانەی خەڵک باسی ئەکەن. (پاش کەمێک) کە گوایە تۆ لەگەڵ کوڕێکا ڕاتنواردووە. بە هەڵە تێنەگەیت تکایە.. من تەنها ئەوەت بۆ باسئەکەم کە بیستوومە... ئەو بە تەلەفۆنەکەی هەمووی تۆمارکردووە. دوایی بڵاوبۆتەوە.. تۆش پێش ئەوەی باوکت و کەس و کارت پێی بزانن... (مۆسیقایەکی بەرز دەبیسترێ. ئەم دیمەنە بۆماوەیەک بەردەوام دەبێت بێئەوەی گوێمان لە دیالۆگەکان بێت)

## دیمەنی چوارەم

(ماڵی تەلار. تاقمێک قەنەفەی پرتەقاڵی. مێزێکی شووشەی نزم. بۆفێیەک. کاوانتەرێک. پێشانگایەک. مێزێکی باریکەلەی تەلەفۆن. ژیلون کاوانتەرە کەی کردۆتەوە بە دوای شتێکا ئەگەڕێ، لە هەمان کاتدا بە مۆبایلەکەی لە گفتووگۆدایە)

**ژیلوان**: ئەوەتا.. جوان ئەگەڕێم.. ئێ خۆ تۆ من نابینیت چووزانی کە من جوان ناگەڕێم؟ نیە.. لێرە نیە.. ئا بە دڵنیاییەوە.. باشە..(بۆفێکەش دەکاتەوە) لێرەش نیە.. بۆستە.. بۆستە.. دۆزیمەوە.. سندووقێکی بچووکی جوانە.. (سندووقەکە دەکاتەوە) نا ئەو نیە.. هەمووی کاغەزی کۆن و پەڕۆی سەوزوو مووروە.. پارە؟ با تیایەتی.. "ئەوە چیە؟ ئەمە

پارەی زەمانی باوە هەرە گەورەی باوکمە".. دووسێ پارەی کاغەزی گەورەن، هەر ناشزانم هی چ وولاتێکن.. تەلار، ئێستا من ئەڵێم ئەم ژوورە هیچی تیا نیە.. ئا هەمووی.. لە سەدا سەد.. جوان جوان گەڕام.. چی؟!! قاسە؟ ئێمە قاسەمان لە کوێ بوو؟ قاسەمان هەیە؟ ئەی بۆ تائێستا کەستان پێتان نەوتووم؟ هەر من نەمزانیوە... باشە لە کوێیە؟ ... من ناتوانم بچم بۆ ژوورەکەی دایکوباوکم... ئاخر دایکم لەوێ نوستوە، خەبەریبێتەوە.. ئەی نەمگوت لەو ڕۆژەوە نەخۆشە هەر لە جێگادایە... ئەی ئەگەر پێیزانی؟ ... باشە ئەچم بەڵام ئەگەر گرتمی ئەڵێم بۆ تۆیە باشە؟ (ژیلوان دەچێتە دەرەوە. کاک هۆشمەند بە تەلەفۆنەکەیەوە، بەدەم قسەکردنەوە دێتە ژوورەوە)

**هۆشمەند**: باشە ووشیار خۆ کەر نیم تێئەگەم. ئەچم ئاڵتوون خەبەرئەکەمەوەو لە جێکەیدا ئەخەوم بۆ ئەوەی چاک باوەڕکات کە نەخۆشم. هەرچەندە چاک ئەیناسم ئەوەندە زۆڵە هەرگیز باوەڕناکات. بەڵام گرنگ ئەوەیە خەڵکیتر بلوەڕبکەن. بۆ ئەوەی تەلار بێتەوە باوکی ببات بۆ خەستەخانە، ئیتر هەر ئەمە نیە؟.. دە باشە تەواو ئەوەندەی مەڵێرەوە.. نا نا بیوم ناچێت ژیلوانیش لە گەڵ کامەرانا ئەنێرم بۆ ئەوەی دڵی هیچ نەکات.. دە باشە دەی. (هۆشمەند تەلەفۆنەکە دادەخاتەوەو ژمارەیەکیتر لێدەدات)

**هۆشمەند**: (دەنگی وەک نەخۆش لێدەکات) باشی کچە؟ ئەزانم باشتری.. ئێستا کامەران دێت بەشوێنتا.. ئا.. ژیلوانی لەگەڵدایە.. لەگەڵیاندا وەرنەوە، دوایی منیش بەرن بۆ خەستەخانە.. ئا نەخۆشم.. باشە دەی.. من هیلاکم، لەوە زیاتر ناتوانم قسە بکەم.. ئا دکتۆر ئازاد.. خوات لەگەڵ.. ئا ئا.. تا دوایی..

(ژیلوان بە دووسێ سەفتە پارەوە خۆی دەکات بەژووردا. کە باوکی دەبینێ پارە کانی لەدەست دەکەون. بۆ ماوەیەک سەرسوڕماو، باوکی تەماشای پارەکان دەکات، ژیلوانیش ڕەق جووڵەی لێبڕاوە)

**ژیلوان**: بەخوا بۆخۆم نیە باوکە.. نامەوێ بیانبەم بۆ خۆم.. خۆ من ئەو هەموو پارانە چی لێبکەم.. (دەگری)

**هۆشمەند**: مەگری.. وەرە دانیشە. (دەستیدەگرێت و بەرامبەر خۆی دایدەنیشێنێت) ڕاست وەڵامم ئەدەیتەوە.. درۆ بکەیت هەڵتدەواسم.. یەکەم: چۆن قاسەکەت دۆزیەوە؟ دووەم: کێ ژمارەکەی بێگوتی؟ سێیەم: دەتویست ئەم پارانە بۆ کوێ بەریت؟

**ژیلوان**: بۆ کەس.. هەروا ویستم.. من هیچم نەکودوە توخوا باوکە..

**هۆشمەند**: (زلەیەک لە ژیلوان دەدات) چیم پێگوتی؟ نەمگوت تووڕەم مەکە؟ خۆت ئەزانی کە تووڕەبووم گریانوو پاڕانەوە سوودی نیە..

**ژیلوان**: باوکە بەخوا من نەمئەویست بیانبەم.. خۆ من بۆ چیمن.. نازانم.. دایکم ووتی..

**هۆشمەند**: دایکت پێیگوتی؟ باشە هەر ئێستا بۆم دەرئەکەوێ. ئینجا خوام لەو خوایەیە درۆم لەگەڵدا بکەیت..

(هۆشمەند دەچێتە دەرەوە. ژیلوان تەلەفۆنەکەی دەردێنێت و زۆر بە شپرزەییەوە ژمارەیەک لێدەدات)

**ژیلوان**: دەدەی.. بۆ هەڵیناگریت؟ دەدەی.. تەلار.. خێرا تەلەفۆنم بۆ بکە... باوکم خەریکە ئەمکوژێ...

هۆشمەند: (بەخێرایی دێتە ژوورە) ئەوە تەلەفۆن بۆ کێئەکەیت.. بێنە ئەو تەلەفۆنە. (تەلەفۆنەکەی لێدەفڕێنێت) ئێستا گوێگرە.. ئەو پانکەیە ئەبینیت؟ ئەیبینیت یان نا؟

**ژیلوان**: ئا باوکە..

**هۆشمەند**: سێ ڕۆژ بەو پانکەیەوە هەڵتدەواسم بە ڕووتی.. نانو ئاویشت نادەمێ گەر ئێستا وەڵامم نەدەیتەوە.. چاک گوێت لێم بوو.. تا سێ ئەژمێرم.. یەک.. دوو.. دوونیو.. دوو سێ چارەک..

**ژیلوان**: تەلار..

**هۆشمەند**: تەلار چی؟

**ژیلوان**: تەلار پێی گوتم پارەکانی بۆ بەرم. ئەویش ژمارەکانی قاسەکەی دامێ.

**هۆشمەند**: بۆچیەتی ئەو پارانە؟

**ژیلوان**: ئاخر من نا.. نازانم..

**هۆشمەند**: دووەوو و نیوو.. دووو و سێ چارەک..

**ژیلوان**: بۆ ئەوەی بە هەردوکمان پێی بچین بۆ ئەورووپا.. (تەلەفۆنەکەی ژیلوان کە بەدەست هۆشمەندەوەیە زەنگ لێدەدات)

**هۆشمەند**: (تەماشای ژمارەکە دەکات. بە خێرایی بە ژیلوان) بڵێ پارەکانت پێیە.. پیشانی نەدەیت کە لەگەڵ منداییت.. ئاسایی بە.. دەی هەڵیگرە.

**ژیلوان**: (لە مۆبایلەکەدا) ئا.. ئا دۆزیمەوە.. هەمووی تیایوو.. ئێستا دێم.. ها؟ نا دایکم خەبەری نەبۆوە.. هیچ.. باوکم؟ لە مووبەقە، نا نا ئەویش خەوتووە.. هیچ.. باشە خوات لەگەڵبێت.. ئێستا دێم ئا..

## دیمەنی پێنجەم

(باخچەی خەستەخانە. تەلار بە تەنیا لەسەر کورسیەکە دانیشتووە و چاوەڕێیە. زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدەدات)

مەحموود: (لە ناو بینەرانەوە، لە لای ڕاستی هۆڵەکەوە بە مۆبایلەکەی قسەدەکات) بۆ چارەسەرەکەم هەر ئەبێ بڕۆمەوە، بەڵام بە فڕۆکە. ئەو لێرەوە تا تورکیا دەتبات. لەوێ ئیتر خۆم ڕەوانەت دەکەم. سەیری لای ڕاستی خۆتەوە بکە، بەرامبەرت دەستە ڕاست. کوڕێکی چوارشانە. دەمووچاوی تۆزێ چاڵچاڵ. ئەوەی جلە ڕەشەکانی لەبەردایە، دەیبینی؟

تەلار: بەڵێ یەکێک بەو نیشانانە دەبینم..

مەحموود: ئەوە قاچاخچیەکەیە. ناوی بێستوونە، ئێستا خۆت بە تەلەفۆن لەگەڵیا ڕێککەوە. نیوەی پارەکەی بە پێشەکی بدەرێ، کە گەیشتی نیوەکەیتر. لە تورکیا یەکسەر تەلەفۆنم بۆ بکە با نەچیتە شوققە. تەلەفۆنیش بۆ ئەو کەسە بکە کە بڕیارە لە ئەورووپاوە پارەت بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی یەکسەر لەوێوە ڕەوانەتکەم. باشە؟ .. پارەکەیان بۆ هێنایت؟

تەلار: (بە تەلەفۆن) بەڵێ ئێستا ئەگات. چاوەڕێم.

مەحموود: ئەو پێشەکیەکەی خۆی وەرنەگرێت ناتبات. (تەلەفۆنەکان دادەخەنە، مەحموود زەنگێکیتر لێدەدات، بێستوون لەوسەری بینەرانەوە تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرێت)

بێستوون: ئەوە لە کوێیت؟ دەمێکە گەیشتووم. کامەیە کچەکە؟

مەحموود: ئەو کچە ئەبینی لایەکی سووتاوە، لە ژێر ئەو دارەدا، لەسەر کورسیەکە دانیشتووە؟ ... دەی.

بێستوون: لەخواریشەوە سووتاوە؟ ئەتوانێ بڕوات؟

مەحموود: ئا ئا خەمت نەبێت. (تەلەفۆنەکانیان دادەخەنەوە، زەنگی تەلەفۆنەکەی تەلار لێدەدات)

بێستوون: تەلار خان سڵاو. تۆ لەگەڵ مندا دێیت. من لە دەرەوە چاوەڕێت دەکەم. پارەکەت ئامادەیە؟

تەلار: ئەوە چاوەڕێم. ئەوپەڕی دە دەقەیتر دەگات.

**بێستوون**: من نامەوێ ئاوا لێرە بوەستم. ئەچمە ناو ئۆتۆمبێلەکەمەوە. تۆش لەگەڵ جانتاکانتا وەرە بەدواما. تەلەفۆنێکی بۆ بکە، ئەگەر هێشتا دوورە، دەتبەم بۆ شوێنێک، با دوایی پارەکەت بۆ بهێنن بۆ ئەوێ.

**تەلار**: ئاخر تۆزێکیتر شەو دادێت، ئەبێ لێرە چاوەڕێکەم، تا ژیلوان ئەگات. بڕۆم بۆ شوێنێکیتر منالّە نایدۆزێتەوە.

**بێستوون**: منیش ناتوانم لەوە زیاتر لێرە بمێنمەوە. وەجبەش هەموو ئامادەیە ئەبێ ئێستا بڕۆم.

**تەلار**: باشە تۆ پێم بلّێ ئێوە لەکوێ ئەبن، من خۆم پێتان ئەگەمەوە. خۆ یەکسەر ناڕۆن.

**بێستوون**: هەرلەئێستەوە خەریکە سەرئێشەم بۆ دروست ئەکەیت. خۆ تۆ بەتەنیا نیت، ئەگەر هەریەکەی بیانوویەک بگرێت، هەر ناکەوینە ڕێ. ئێستا من ئەڕۆم. دێیت یا نایەیت؟

**تەلار**: ئاخر خۆ ئەمە سەفەری ڕۆژو دووڕۆژ نیە. لەوانەیە هەتا ماوم نەیەمەوە. ناکرێت چەند دەقەیەک چیە چاوەڕێمبیت؟ تازە ئەبێ جلوشتیشم بۆ بێنێت. هیچم ئامادەنیە لێرە. هەرئەبێ چاوەڕێبیم، ئەو بە کۆلّێکی گەورەوە نامدۆزێتەوە.

**بێستوون**: وادیارە تۆ ناتەوێ بڕۆیت. من ڕۆشتم. (تەلەفۆنەکە دەپچڕێت. تەلار بێهیوا دادەنیشێت و دەگری)

**مەحموود**: (دێتە سەر شانۆ بۆ لای تەلار، بەلّام وەک ئەوەی لەگەڵ ئەودا قسە نەکات) تەلار خان مەگری. پێکەوە ئەڕۆین، لێرەوە من دەرتدەکەم. تەنها مەرزەکەی کەمێک سەختە ئەویش دەکرێ. من دەڕۆم خۆم ئامادەبکەم، تۆش لێرە چیت هەیە بیپێچەرەوە و بڕۆین. (مەحموود دەچێتە دەرەوە، تەلاریش هەلّدەستێ بڕوات، ژیلوان بە جانتایەکی گەورەوە دێتەژووری)

**ژیلوان**: ئەزانی بۆ زۆرم پێچوو؟ خەتای خۆم نەبوو، ئەو جانتایەشم پێنەبوایە هەر دوائەکەوتم. باوکم پێیزانیم.

**تەلار**: باشە بەسنەبوو جانتاکەشت هێنا. ئێستا خەریکبوو بێ جانتا بڕۆم. (ژیلوان جانتاکە دەکاتەوەو پارەکان پیشانی تەلار ئەدات) جارێکیتر دەرتهێنانەوە؟

**ژیلوان**: نا، خۆی دایەوە پێم. پێشی گوتم، ئاگاداربم هەرکەسێکیتر پێی بزانێت، هەر ئەمکوژێت. بەلّام گوتی ئەبێت هەر پارەکانت پێگەیشتن یەکسەر لە خەستەخانەکە بڕۆیت...

**کامەران**: (لە پرێکا دەرئەکەوێت) بەڵام من وام نەبیست ئەوشتە. بەم منالێەش فێری درۆکردنیان کردی خوێری؟. (بە تەلار) باوکت ناردوومی بە شوێنتا. زۆریش نەخۆشە. ئەڵێ با هەرئێستا هەردوکتان بێنەوە ماڵەوە. مامم لە لایەتی.

**ژیلوان**: کە بەجێمهێشت ەیچی نەبوو. خۆشی جانتاکەی بۆهێنام تا لای تەکسیەکە.

**کامەران**: ووسس منالّ.. کەواتە من درۆ ئەکەم؟

**تەلار**: ئێستا شتەکە ڕووندەبێتەوە. (بە مۆبایلەکەی جەرس لێدەدات) باوکە؟.. مامە گیان چۆنیت.. ئێوەباشن.. ئەتوانم قسە لەگەڵ باوکما بکەم؟... (کەمێک گوێدەگرێت). با بڕۆین..

## دیمەنی شەشەم

(هۆشمەنډ و هوشیار لەسەر گردێکن کە دەڕوانێت بەسەر هەموو شاردا. ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز گڤەیدێت. تاریک داهاتوەو گڵۆپەکانی شار داگیرساون)

**هوشیار**: ئەم شارە چۆن گۆڕراوە.. هەر نایناسیتەوە.. هەر خانوو کۆشکە ئەچن بە ئاسماندا.. ڕۆژانە لە بازاڕ بەلای خەڵکانێکدا دەڕۆم کە هەر نازانم بە چ زمانێک قسە دەکەن.. جاران پرێبوو لە لادێیی، ئەمانگوت شاریان لێداگیر کردین. ئێستا شوێنی وا هەیە هەر نازانیت خەڵکەکەی لە چ وولاتێکەوە دێن..

**هۆشمەند**: ئەی ئێمە خەڵکی کوێین؟ خۆ ئێمەش لادێیین. دوای ئەوە تۆ بە ڕێکەوت لە شوێنێک لەدایکبوویت ئەمە چ هونەرێکی تێدایە شانازی پێوە بکەیت؟.. کە تۆ ویستت لە وولاتەکەتدا ئازادبیت دەبێ ڕێگە بدەیت بە خەڵکیش بە ئازادی بێن وبڕۆن.. ئاڵوگۆڕی نێوان میللەتان پێشکەوتن دروست دەکات.
(هۆشمەند دەمانچەیەک دەردێنێت و سێ فیشەکی تێدەکات. دەیەوێت بیدات بە هوشیار)

**هوشیار**: ئەگەر بینێیت بە کەلەسەریەوە یەک فیشەکی بەسە. سیانم تێکردووە. ئەڵێم با خۆتبیت باشە. ئەگەر هەر نەشتتوانی من خۆم بە ئەنجامی ئەگەیێنم.

**هۆشمەند**: بەتەمابوو ئەمڕۆ بڕوات بۆ هەندەران..

**هوشیار**: بۆ ئەوەی لەوێ لە مەلهایەکدا دامەزرێ؟ هەرچی کورد و عەرەب و قولەڕەش و ئاسیاو ئەورووپایە پێی فێربن؟ بێجگە لەوەی هەر لێرەوە تا دەگاتە ئەوێ ئەبێتە ژنی دەیەها قاچاخچی و نەفەر. هەر بە ڕێگاوە دەست بکات بە ئیشی خۆی؟. دوای ئەوە تۆ دڵنیای دەچێت بۆ هەندەران؟ کێ ئەڵێ ناچێت بۆئەوەی لە مەلهایەکی ئەوشارانەی خوارووەدا ببێتە سۆزانی؟. یا قاچاخچیەک بە ناوی هەندەرانەوە بیبات لە ماڵێکدا ئیشی پێوە بکات. ئەمزانی بێغیرەتی، بەڵام نەمئەزانی ئەوەندە دەبەنگیشی.

**هۆشمەند**: تۆ باش ئەزانی کە کێشەم لە غیرەتانیە، ئەوەندەش باسی غیرەت مەکە. هەموو کەس منی ناسیوە لە شەڕا، هەموو شارەکە ئەمناسێت. ئەوە هیچ بێغیرەتی نیە نەتوانی وەک ئاژەڵێک منالی خۆت خەڵتانی خوێن بکەیت.

**هوشیار**: منیش غیرەتی تۆم بەچاوی خۆم بینیوە لە شەڕا. تۆ لەو براکوژیەی دوایدا کە ئەبوایە بەرامبەر یەک بووینایە، ئامر هێزەکەت پێی گوتبووی بەشداری نەکەیت ئەوڕۆژە چوونکە من لەوبەرەوە بووم. کەچی تۆ پێت گوتبوو.. من کە کەوتە مەسەلەی بیروباوەڕ کێشەم نیە بەرامبەر باوکیشم بجەنگم. ئیتر منیش لەبەر دایکم ناچاربووم بەشداری نەکەم. چوونکە بە دڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە دایکم هەردوکمانی لەدەست نەدایە یەکێکمانی لەدەست دەدا. کەچی ئێستا وا لەبەردەم شتێکی زۆر گرنگتر لە بیروباوەڕ کە ئابڕووە سڵ ئەکەیتەوە.

**هۆشمەند**: ئەگەر ئەم کارە بکەم دەیسەلمێنم کە کچەکەم سۆزانیە. بەڵام من کچی خۆم باش دەناسم کە وا پەروەردە نەکراوە. منالە هەڵیانخڵەتانووە. بە زۆرو بۆ پارە ئەو فلیمەیان پێگرتووە. من خۆم بینیم فلیمەکە.

**هوشیار**: منیش بینیم. هەرچی ئەم شارەیە هەموو ڕۆژێ دە جار بۆم دەنێرن. ئەوە کەی کێشەیە بە زۆر بووە یان بە ڕەزامەندی خۆی؟. خۆ بە پێی خۆی لەگەڵ ئەو کوڕەدا چووە بۆ شوێنەکە. تازە بۆ هەموو خەڵک و بۆ خۆشمان ئەو کچە فەوتاوە. کێ ئەیهێنێ، بە تایبەت بەم سەقەتیەی ئێستایەوە؟. تۆ بە کوشتنی گەورەترین پیاوچاکی لەگەڵدا ئەکەیت. هەندەران..هەیهای.. بە چ پارەیەک؟ تۆ هێشتا کرێچیت..

**هۆشمەند**: ڕاستە بەڵام شتێکی تریش..

**هوشیار**: پێویست ناکات بیڵێیت لە مێشکتدام. لە زیندان ئەترسی..

**هۆشمەند**: خۆت چاک ئەزانی کە یاساکە تازە دەرچووە..

**هوشیار**: ئەوە تۆ ئەڵێی خەڵکی ئەم وولاتە نیت؟ یاسای چی؟ ئەوە نیە ئەو هەموو پیاوە لە زیندانا ڕزیون چوونکە خوشکو دایکی خۆیان کوشتووە؟ هە.. ئەو من پیاو ئەناسم نەک یەکێک بگرە چەندەها ژنی کوشتووە کە خوشک و کەسی خۆشی نەبوون، هەر بە هەوەس، چونکە لەگەڵیا ڕایاننەبواردووە کەسیش یەخەی ناگرێ. کەچی تۆ کچی خۆت ناتوانی بکوژی؟ لە پێناوی شەرەفی خۆشیا.. دوای ئەوە حیزبەکەت دەسبەردارت دەبێ دوای ئەو هەموو شەڕەی بۆت کردووە؟ یاسا حیزبە.. حیزبیش تۆیت.. ئیتر ئەم بیانوانە چین.. (تەلارو کامەران و ژیلوان دێنە ژووری) بگرە..

(هوشیار دەمانچەکە دەداتە هۆشمەند، ئەویش وەریدەگرێ.)

ەوشیار: (بە نزمی) من بڕۆم؟ خەمم نەبێت؟

هۆشمەند: ئا، بڕۆ تۆ..

هوشیار: لای سەیارەکە چاوەڕێتین..(ئاماژە بۆ کامەران و ژیلوان دەکات دوایکەون، ئەوانیش دوایدەکەون و دەچنە دەرەوە)

(تەلارو باوکی بەتەنیا بۆ ماوەیەک بەرامبەر بە یەک وەستاون، هۆشمەند ووردە ووردە دەمانچەکە بە ئاراستەی تەلار بەرز دەکاتەوە)

تەلار: باوکە..

هۆشمەند: شش..

تەلار: ئاخر باوکە..

هۆشمەند: گوتم بێدەنگ قەحبە.

تەلار: باوکە!!! ئەوە لەگەڵ منتە؟ من قەحبەنیم.. تەنانەت ڕێگە بە تۆش نادەم وام پێبڵێیت.. من بێتاوانم.. تۆ بە هەڵەدا چوویت.. ئێستاش هیچ باکم نیە چوونکە لەخۆم دڵنیام..

(هۆشمەند فیشەکێک دەتەقێنێت. تەلار دەکەوێت. دوای چەند چرکەیەک تەلار بۆی دەردەکەوێت کە فیشەکەکەی بەرنەکەوتووە)

هۆشمەند: (بە چپە) هەڵنەستیتەوە.. با وابزانن مردوویت.. کە لێرە ڕۆشتین ئیتر نابێت کەس بزانێت کە زێندوویت.. ئەگینا ئەم جارە ناچار دەبم بەڕاستی بتکوژم.. خۆم دەتنێرم بۆ هەندەران.. (ژیلوان بە ڕاکردن دێتە ژوورەوەو بە هاوارکردنەوە خۆی دەدات بەسەر تەلاردا، کامەران و هوشیاریش بە دوایدا بە ڕاکردن دەگەن. کامەران بە زۆر ژیلوان دەباتە دەرەوە)

هوشیار: دەست خۆش براکەم. (دەمانچەکە لە هۆشمەند وەردەگرێت. دەچێتە سەر سەری تەلار، دوو فێشەکەکەی تێدا خاڵی دەکاتەوە) نەوەک بەیانی خەڵک بە زیندوویی بیدۆزنەوە، دوو جار حەیامان بچێت.

کامەران ژیلوان پەلکێش ئەکات بۆ دەرەوە. هوشیاریش بەدوایاندا دەچێتە دەرەوە. هۆشمەند بە تەنێ بەسەر تەرمی کچەکەیەوە دەمێنێتەوە. (تاریکی)